# حوكمی سوێندخواردن بە غەیری خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم الحلف بغير الله تعالى ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی سوێندخواردن به غەیری خوای گەورە

(الحلف) یان (الیمین) بریتی یە لە جەختکردنەوە لەسەر حوکمێك بەناوهێنانی کەسێکی مەزن بەتایبەتی .

مەزن ڕاگرتنیش تەنها مافی خوای گەورەیە و جائیز نییە بەکەسی تر سۆیند بخورێت، زانایان بە کۆی دەنگك لەسەر ئەوەن کە سوێند خواردن بەتەنها تایبەتە بە خوای گەورە وناووسیفەتەکانی، هەروەها بە کۆی ڕا لەسەر ئەوەن سۆیندخواردن بە غەیری خوای گەورە قەدەغەیە و شیرکە، ئیبنو عومەر ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: « من حلف بغیر الله فقد كفر أو أشرك » [رواه احمد و الترمذی و الحاکم ].

واتە: هەرکێ سوێند بەغەیری خوا بخوات یان کوفر یان شیرکی ئەنجامداوە و بە (الشرك الاصغر) واتە: هاوەڵ بۆ خوا بریاردانی بچووك ناو دەبرێت، مەگەر کەسی سوێند پێ خوراو بەلای سوێند خۆرەوە ئەوەندە مەزن بێت بگاتە ئاستی پەرستنی لەو حاڵەتە دەبێتە شیرکی گەورە، وەکو

ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕپەرستانەوە بەدی دەکرێت کە ترسیان لە مردووەکە زیاترە تاکو خوای گەورە، ئەگەر بێت و لە کەسێك لەوانە داوا بکرێت سوێند بەو پیاو چاکە بخوات هەرگیز بە درۆ سوێندی پێ ناخوات ،بەڵام ئامادەیە بەدرۆ سوێند بە خوای گەورە بخوات .

لەڕاستیدا سوێند خواردن مەزنی دەربرینە بۆ ئەو کەسەی سوێندی پێ ئەخورێت ،ئەوەش تەنها شایيستەی خوای گەورەیە، پێویستە موسڵمان ڕێز لە سوێندی خۆی بگرێت و بە زۆریی بەکاری نەهێنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَهِينٍ ﴾ [القلم/١٠]. هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ﴾ [المائدة/٨٩].

واتە: سوێند مەخۆن مەگەر بۆ پێویستی نەبێت، وەکو کارێکی چاکە، چونکە زۆر سوێند خواردن ئاماژەیە بۆ مەزن ڕانەگرتنی خوای گەورە و ئەوەش نەگونجاوە لەگەڵ یەکتاپەرستی تەواودا . لە فەرموودەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « ثلاثة لا يكلمهم الله ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم..... ورجل جعل الله بضاعته لا يشتري إلا بيمينه، ولا يبيع إلا بيمينه » [رواه الطبري بسند صحيح] .

واتە: سێ کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا قسەیان لەگەڵ ناکات و پاراویان ناکاتەوە و سزایەکی سەختیان هەیە ......پیاوێکیش خوای گەورەی کردووەتە کاڵای خۆی بە سوێند خواردن شت دەکڕێن و بە سوێند خواردن شت دەفرۆشێت .

خوای گەورەش هەڕەشەی داوە لەسەر زۆر سوێند خواردن، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر قەدەغە بوونی بەو شێوازە وەکو ڕێزێك لە ناوی خوای گەورە.

هەروەها سوێند خواردنی درۆ بە خوای گەورە حەرامە کە ( الیمین الغموس )ی پێ دەوترێت، خوای پەروەردگارییش باسی مونافیقانی بەوە کردووە بە درۆ سوێند بە خوا دەخۆن و زانیاریشیان هەیە بە قەدەغە بوونی .

پووختەی ئەم باسە:

١ـ حەرام بوونی سوێند خواردن بە غەیری خوای گەورە، وەکو سوێند خواردن بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان بە کەعبە یان بە شەرەف وهەموو ئەوانە هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە.

٢ـ حەرام بوونی سوێند خواردنی درۆ بە خوای گەورە (الیمین الغموس).

٣ـ حەرام بوونی زۆر سوێند خواردن _ باڕاستگۆیش بێت لە سوێندەکەی_ مەگەر پێویستیەك بۆ ئەو سوێندە هەبێت.

٤ـ لە کاتی پێویستدا جائیزە سوێند بە خوای گەورە بخوێت .

سەرچاوە: عقیدة التوحید/ صالح بن فوزان الفوزان .